# ئیعدامی سەدام بەعس و شەری تایەفی بەهیزتر کرد..!

(سەبارەت بە دادگایی و ئیعدام کردنی سەدام)

(موزەفەر عەبدولا)
mozafar_as@yahoo.com



سەدام وەک رابەری حزبیکی قومی فاشی لە بزوتنەوەی قومی عەرەبی، دوای زیاتر لە 3 دەیە لە دەسەلآت دا، خاوەنی میژوویەکی رەشی پر تاوانکاری بوو.تاوانەکانی سەدام و حز ب و رژیمەکەی بۆ هیچ کەس شاراوە نی یە، بە تایبەتی بۆ ئەو گەورە تاوانبارانەی کە ئەمرۆ ،لە سیناریۆیەکی رەشی وەک بەعس رەش، ئیعدامیان کرد تا هاوکارانی ئەم هەموو تاوانانە ئاشکرا نەبیت.

بەلآم ئیستا دوای تیپەر بوونی10-12 رۆژ بەسەر ئیعدامی سەدام دا کە هەمو جهان لە دەزگاکانی راگەیاندنە جۆاروجۆرەکانەوە ئەو شیوازی ئیعدامە وەحشیانەیەی بیینی رۆژ بەرۆژ ئاکامە سەلبی یەکانی ئەو ئیعدامە دەردەکەویت.

بۆیە بە پیچەوانەی پروپاگەندەکانی بۆش و حکومەتەکەی و سەرانی حکومەتە کارتۆنی یەکەی عیراقەوە، ئیعدامی سەدام نەک هەر لە قازانجی خەلکی عیراق نەبوو و نیە و قەرەبوی ئەو هەموو تاوانو زیانانە ناکاتەوە کە لە خەلکی عیراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی کەوتوە، هاوکات نەک هەر بەعس لاواز و ریشە کیش ناکات ، هەروەها شەری تایەفیش ، بەلکو ریک بە پیچەوانەوە ئەمرۆ بە ئاشکراو بە بەر چاوی هەمو لایەکەوە دەبینین کە چۆن لە لایەک حزبی بەعس رووخاو زیاتر خۆیان ریک خستۆتەوەو عەرزی عەزەلآتی خۆیان دەکەن لە هەموو ئاستیکدا هاوکات شەری تایەفیشی قولتر کردەوە.بۆ نمونە لەم چەند رۆژی دوای ئیعدامی سەدام بەعسەیەکان و لایەنگرانی بەعس بە ئاشکرا ،چ لە ناو عیراقدا و چ لە دەرەوە، خۆپیشاندان دەکەن و کۆروکۆمەل پیک دەهینین و بەیان دەردەکەن و وینەی سەدام بەرزدوەکەنەوەو پەیکەری بۆ دروست دەکەن و هەرەشەو گورەشە دەکەن و کردەوەی تیرۆریستی دەکەن و هاوکات وەک رەمزی بەرهەقی دژی داگیر کاری ئەمریکا خۆیان دەردەخەن .ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا بە هەر بیانویەکەوە بیت کە لەگەل ئیعدامی سەدام داوای لە حکومەتی عیراق کردوە کە بەر پرسانی کۆنی بەعس تەنانەت ئەفسەرانی پلەبەرزیش بگەرینەوە سەرکار ئەمەش لە لایەکی ترەوە لە قازانجی بەهیز بونەوەی بەعسدایەو ئیتر ئەم پاشماوانەی بەعس دوای 4 سال روخان باشتر لە هەموو ئاستیکدا خۆیان ریک دەخەنەوە.

هەلبەت لەسەرەتای روخانی بەعسەوە زۆر لایەن خۆش خەیال بوون و پیان وابوو کە بەعس رووخا هەموو شتیک کۆتایی دیت . دەیان ووت ئەگەر سەدام و سەرانی تری بەعس دەستگیر بکرین و ئیعدام بکرین بە تەواوی ریش کیش دەبن. بەلآم ریک بە پیچەوانەوە ئەمرۆ ئەوەتا نەک ئەم تەوەعوقاتانە وا دەر نەچو، بەلکو بەهیزتر بوون. چونکە واقعیەت ئەوەیە کە سەدام حوسەین و دارودەستەو رژیمەکەی کۆمەلە خەلکیکی دابراو نین لە کۆمەلگادا. نە لە ژیر زەوی یەوە هاتونەتە دەرو نە لە ئاسمانەوە داباریون. ئەمانە رابەرانی حزبیکی سیاسی قومی فاشین و ئەم حزبەش لەسەر لوتکەی بزوتنەوەیەکی ناسیونالیستی عەررەبی راوەستاوە، تا ئەم بزوتنەوەیە مابیت بەعس و هاوشیوەکانی بەعس دەمینن تەنانەت ئەگەر سەدان کەسیشیان لی ئیعدامیش بکریت جا ئاخۆ ئەوەی دەگەنەوە دەسەلات ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە.

لە روویەکی ترەوە ئەمریکاو حکومەتە کارتۆنی یەکەی عیراق پیان وابوو، وە هاوکات پروپاگەندەیان دەکرد،کە بە ئیعدامی سەدام و لەناو چونی و لاواز بونی بەعس، ناکۆکی و شەرو کردەوەی تیرۆریستیش کە لەسەر بنەمای تایەفی یە لاواز دەبیت و پاشان کۆتایی دیت . بەلآم ئەمەش ریک بە پیچەوانەوە دەرچوو . تەنانەت

ئیعدامی سەدام نەک هەر ئەم ناکۆکی و شەری تایەفەیەی لاواز نەکردو کۆتایی پی نەهینا بەڵکو قوڵتری کردەوەو رۆژ بەرۆژیش قوڵترو قوڵتریشی دەکاتەوە.ئەوەتا ئەمرۆ لە شاری بەغداو لەو شوینانەی کە لە سەردەمی بەعس ناوچەو گەرەکی گەورە بەرپرسانی بەعس بون بە ئاشکرا بەرگری دەکەن و بونەتە بەشیکی سەرەکی لە پیک هینانی ناکۆکی و شەری تایەفی نیوان سونەو شیعە.رووداوەکانی دوینی و پیریی گەرەکی حەیفاو چەند ناوچەی تر کە شەری جەبهەیی لە نیوان چەکدارانی بەعس و گروپەکانی ترو سەربازانی ئەمریکاو یەکەکانی سوپای عیراق رروویان داوە زیندوترین نمونەی ئەو واقیعەن کە بە ئیعدامی سەدام نە بەعس کۆتایی دیت و نە شەری تایەفی.

بەلأم راستی یەکی تر کە لە پشتی ئیدعاکانی ئەمریکاو حکومەتە کارتۆنی یەکەی عیراقەوە خۆی حەشار داوە ئەوەیە کە وەک چۆن دەستەو تاقمە تیرۆریستەکانی سەربە قاعدەو زۆری تر لە بزوتنەوەی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی سوننە و بەعس بە ئاشکرا شەری تایەفیان راگەیاندوە ئاواش ئەمریکاو داگیرکەرانی عیراق و حکومەتی عیراق ئەم شەری تایەفیەیان راگەیاندوەو ئەوان تەرەفی سەرەکین لەم هاوکیشەو کیشەو شەرەدا.

ریک بە پیچەوانەی درۆو دەلەسەکانی مالکی سەرۆک وەزیرانی عیراقەوە کە لە رۆژی 30-12 لە کاتی راگەیاندنی ئیعدامی سەدام رایگەیاند کە گوایە نە سەدام نوینەری هیچ تایەفەو دین و قومیەتیکە لە عیراق و نە خۆشیان یانی مالکی حکومەتەکەی تایەفەگەرن ، بەڵکو سەدام تەنها خۆی تاوانبارەو نوینەری هیچ تایەفەو کەسیک نی یەو تەنها خۆیەتی ،و حکومەتەکەی مالکیش نوینەری هەمو خەڵکی عیراقە .

بەلأم سەرجەم ئەم پرۆسەیەی کە ئەمرۆ عیراقی پیا تیپەر دەبیت لە سایەی سیاسەتی شەرو داگیرکاری ئەمریکاو هینانەسەرکاری حکومەتی عیراق و دەستور یاساکانیان و بەریوەچونی پرۆسەی دادگایی و ئیعدامی سەدام و بەشدار بوان لە کاتی ئیعدام و جەللادەکان و هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای تایەفی و دژی ئینسانی بوونە، تەنانەت لە سدام و رژیمەکەی زیاتر لەسەر بنەمای تایەفی و خۆش کەری ناکۆکی و شەری تایەفی بوونە.

لە کۆتایی دا پیویستە ئەوە بڵیین کە ئیعدام خۆی لە خۆی دا تاوانە ئیتر بەهەر شیوەیەک ئەنجام بدریت. تەنانەت لە دادگایەکی بەناو عادلانەش دا بیت. چونکە لە دادگای عادلانەدا بریاری ئیعدام نادریت.

تا ئەو جیگەیەش پەیوەستە بە دادگای عادلانەو دادگایەک لە قازانجی خەڵکی عیراق و رای ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی جهاندا بوایە، ئەوەبوو کە سەدام لە دادگایەکی نیو دەوڵەتی و ئاشکرا دادگایی بکرایە کە تیایدا هەم سەدام و هەم دادوەرو هەم پاریزەرانی سەدام و هەم شایەدو و مودەعی و هەمو لایەک بە بی ترس بیان توانیایە دور لەهەر فشارو ترسیک قسەی خۆیان بکردایەو دادگا لە فەزایەک بەهرەمەند بوایە کە خەڵکی ترسی نەبوایە هەر چی بڵیت و کەس هەرەشەی کوشتنی لەسەر نەبوایە کە کە دادگا دەرچوو بەلام بە پیچەوانە لەم دادگایی کردنەوە هەرم پاریزەرانی سەدام هەم دادوەرانی دادگا تیرۆ کران و تەناتەن زۆریک لە شایەدەکان لە ترسی تیرۆر کردن خۆیان بە ئاشکرا نیشان نادا. پاشان دادگا بە دوای هەموو ئەو تاوانانەدا بچوایە کە لەسەر دەستی سەدام داروەستەو حزب و رژیمەکەی ئەنجام دراوەو هەموو ئەو نهنیانە ئاشکرا بکرایە، بە تایبەتی ئەوانەی بەهەموو شیوەیەک هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری سەدام و حزب و رژیمەکەی کۆمەکیان بە سەدام بەعس کردوەو جۆرەها چەکی کۆکوژیان پی داوەو پشت گیری تاوانەکانیان کردوە یاخود بی دەنگەیان لی کردوە لە ماوەی ئەو 3 دەیەیەدا.ئەو کات ئەو دادگایەو ئەو بریارانەی لەو دادگایەوە دەردەچو نەک هەر بەعس و ناکۆکی و شەری تایەفی بەهیز ناکرد بەڵکو ریک بە پیچەوانەوە خامۆشی دەکردەو کۆتایی پی دەهینا چونکە لە بارەدا هەق و عەدالەت دەردەکەوتن. ئەمە جگە لەوەی لەوەها دادگایەکی عادلانەدا تاوانبارە ئەسلی یەکانیش دەردەکەوتن کە ئەمرۆ سەدام دادگایی دەکەن و خۆیان وەک دادپەروەر نیشان داوە.

**2007-1-10**